# پیرۆز بێ لە هەڵەبجەو لە کاك وەفیق !

رزگار عومەر
rezgar70ca@yahoo.com

بە پێ ی هەواڵێك کە ئەمڕۆ2005\04\22 لە سایتی ( ایلاف) ی عەرەبی دا بڵاوکراوەتەوە ، سەرۆك کۆماری عێراق ، مام جەلال ، وەفیق سامەڕائی ، بەرێوەبەری پێشووی استیخباراتی عەسکەری عێراقی وەکو ڕاوێژکاری ئەمنی خۆی دامەزراندووە ! بەیانی دوور نیە نەزار خەزرەجی و هاشم سوڵتانیش لە کورسی یەکەمەکانی حکومەتی عێراقدا بیانبینین ، مام جەلال قەت وەڵامی ئەو ڕەخنانە ناداتەوە کە لە ڕای گشتی و لە ڕەخنەی ڕۆشنبیراندا بەرەو ڕووی بەرز دەبێتەوە ، بەڵام لە خوارەوە لە بەرپرسەکانی تر ، یان لە نووسەرە حیزبیەکانی دام و دەزگای ڕاگەیاندنەکەیان تەفسیرو پاساوی وا دێننەوە کە تەنیا ئەوە دەگرێ ئیهمالی بکەی ، یەکێك لە دیعایەکان و لە بەڵێنەکانی دام و دەزگای ڕاگەیاندنی مام جەلال بۆ هەڵبژاردن ، پەیڕەو کردنی سیاسەتی ( چەپکە گوڵ ) بوو ئەگەر ئەم پۆستە وەربگرێ .

سیاسەتی چەپکە گوڵ ، تەعبیرێکی زۆر جوانە ، بەڵام بە قەدەر جوانی ئەم تەعبیرە بۆ ئەمڕۆی عێراق ئەم دروشمە ئاڵۆز دێتە بەرچاو ، گوڵ بۆ کێ ؟ ئەگەر مەبەست لە پێکەوە ژیان و نەفی کردنی جەنگ بێ لە نێوان میللەتەکان ، ئەمە دروشمێکی جوانە ، ئەگەر سیاسەتی چەپکە گوڵ ئامانجەکانی مەعلوم بێ هەروەکو ئەوەی (گاندی) بۆ سەربەخۆیی هیندستان گرتیە بەر، ئەوا چارمان نیە و دەچینە پشت مامەو بارە گوڵ بۆ سیستانی و مشعان جبوری و چەکدارەکان ومەلاکانی موسڵ ڕەوانە دەکەین ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم سیاسەتە لە بەر ئەوەی مەعلوم نیە ئامانجەکەی چی یە ، دەکەوێتە بەر ڕاستیەکانی ڕۆژ و بێجگە لە تەعبیرێکی ئینشایی هیچی تری لێ نامێنێتەوە ،

ئەوەی تا ئێستا لە سیاسەتی ئەم چەپکە گوڵە دەستێکی بەرکەوتووە ، شاری هەڵەبجەو وەفیق سامەڕاییە ، وەفیق دەبووایە ئێستا لە دادگا بووایە ، نەك بە کورسیەکی دەسەڵات خەڵات کرایە ، شاری هەڵەبجەش دەبووایە لە شیلەو لە هەنگوینی ئەم چەپکە گوڵە بەهرەمەند بووایە ، کەچی بە بەرچاوی مامە سەرۆکی عێراق ، بە بەرچاوی کاك مەسعود کە بڕیارە ببێتە سەرۆك و مەرجەعی کوردستان ، بە بەرچاوی هەردوو حکومەتی یەکێتی و پارتی ، سەفیری ئەمریکا لە عێراق ، بە بیانووی بودجە بۆ کێشەی ئەمنی بوودجەی پرۆژەی ئاوی هەڵەبجە دەستی بە سەر دادەگرێ و کەسیش پێ ی ناڵێ بۆ ؟
سیاسەتی چەپکە گوڵ ، بەرووبومەکەی وا دەردەکەوێ ، لە ژێرمەعنا ئەسڵیەکەی ئەم سیاسەتە ، وەفیق سامەڕایی سەر لە نوێ لە نیعمەتەکانی سەنعەتە کۆنەکەی بەهرەمەند دەبێ ، هەڵەبجەش نەك تەنیا بارە گوڵی بۆ دەچێ ، بەڵکوو شلکە ڕێحانی سەر گۆڕی 5000 ئازیزی کیمیا باران ، لە بەر بێ ئاویدا ووشك دەبێ !

ڤانکوڤەر
2005\04\22